www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 13:07 26-11-2007

چما.. تۆ.. لۆ.. شەرمەزاری زمانزانی کورد "موحسین جوامێر "؟؟!! بێستون محەمەد سالح مستەفا

نوسینەکەی موحسین جوامێر بەنێوی (سایکس بیکۆ کوردستانی کرد بە چوار بەش.. کوردیش زمانەکەیان دەکەن بەچوار) 2007/11/22لە کوردستان نێتەوە... سەرەتا بەڕێز هێندە خەمخۆری نەتەوەو نیشتمان و پێناسی کورد بوونیت بیلا مانا لە یەکەم دێری نوسینەکەتەوە تا کۆتا زۆر لاواز.. ڕێنووس و رستەو لایەنی زمانەوانیت پێویستی بە زیاتر خۆ هیلاك کردن و پیاچوونەوە هەیە، عەیب نیە بخوێنەوە ئەوسا پلارو تەشەرو تەشهیر بەو کەسانە بکە کە بە زمانی دایك دەنووسن دەخوێننەوە خۆت ووتەنی دەشعرێنن... ئەفەلفەسێنن... ئەڵێن و ئەڵێن... ئەوەی کەتۆ مەبەستە بەندە زۆر چاك لێیگەیشتوومە کە مەبەستەکەت کێیە؟؟ چ ئەوەی دەڕەوە چ ئەوەی ناوەوەی ووڵات... براڵە ژیکەڵە زمان پاراوە دڵسۆزەکەم!!!.. ئەوەی مەبەستی شانازی و بانگەشەیەتی بۆ ئەو زمانەی کە مەڵاشووی پی پژاوە، بەڵایەوە مەبەست نیە کە بەڕێزت ئیجازەی بدەی یاخود نا ناشکری حوکمەتێکی ساواو تازە دەیان ووتەبێژو ڕێگە پێدەری هەبی و بەتەماش نین تۆ فێری ڕەخنەو یەکپارچەیی نەتەوەکەیان بکەیت چونکە ئەوەی لای تۆ دارە دارەیە لای ئەو ەی تۆ ئیدعای تەئسیراتی دەرەکی بۆ ناوەکی زۆر لە مێژە کاروانی کەوتۆتە ڕی و دەیان و دەیان وێستگەی بڕیوە..

ئەز... نەزانم... تۆ لۆ شەرمەزاری کاکە موعسین گیان.. ئەتوو ڕێگە بە خۆت دەدەی خەڵك بگەیەنیتە لوتکەی نەفامی، نەزانی و دەبەنگی... هەروەك فەرمووتە لە نووسینەکەتا چاوەڕی ی چی دەکەی لە هەزاران نەفام و نەزان و دەبەنگی وەك ئەز... نوقڵ و گوڵباران کەین؟؟!!بڵێین چی.. پسپۆری زمان نموونەیەکی زۆر لەرزۆك و بی متمانە تەرح کردووە.. ئەوە ئێمە نین.... ناوچەگەری و لەژێر تەئسیراتی ئێرەو ئەوی قەڵەمەکانمان جۆش و خرۆش بدەین و چاکی دووبەرەکی و پارچە بوونی نیشتمانی وێران شاباشی بۆ بکەین...

ئەوە ئێمەنین... گەلۆرو وابەستەی ئێرەو ئەوی بین و ئەسکوی بین لە هەموو مەنجەڵێکا... ئەوە ئێمەنین... بە پی بیرکەینەوە پێش ئەوەی بەئەقڵ بیربکەینەوە ئێمە هەردەم بی پای گیانفیدای خاك و نیشتمان و ئینتماو دۆزینەوەی پێناس و دۆزی نەتەوەیی بووین و هەردەم لە هەوڵی ئەوەدا بووینە پاداره ناوچەگەرەکان بگرین و لێپرسینەوەی مێژوویان لەتەکا بکەین...

ئەوە ئێمەنین... حەفلەی لە هجان بکەینە دروشم و زێرە زیرەو پاڵپشتی ئەنفالچیان بین...

ئەوە ئێمەنین.... بریاردەری سایکس بیکو و دابەشکەری کوردستانی گەورەو خاکی نیشتمان بخەینە موزایەدەو بەرباس و لێکۆڵینەوەو ڕاپرسی و بگرەو بەردەو دەیان موساوەمەو ووتوویژی ژێراوژێرو مەتەرێزی دوژمنانە لەبەرابەر کوردستانی گەورە بگرین و فەرموو فەرشی سوور بۆ داگیرکەران و شۆفێنستان ڕاخەین...

ئەوە ئێمە نین.... زرکە نوسەری بی بۆن و بی تام کەنووسیمان جەسوورانەو بوێرانە دەنووسین و بە جۆرێك مێجەرسۆنەکانی دەسەڵات دووچاری لەرزین و دڵەڕاوکی دەبن...

ئەوە ئێمە نین.... لنگەفرتی بکەین، شۆربوونە وە بەرەو مەرگ و فەنا قابیل بە ئامبالای ئەو نیوە زمانانەیە کە هێندە گەلۆرانە دەنووسن بە نەتەوەکەیان دەڵێن:

... فەلسەفە بە کوردی غەشیم دەفرۆشن "*"...

چما... زانیم... ئەتو... لۆ... شەرمەزاریت!!!...

"*" بروانە هەمان نوسینی کاك موحسین جوامێر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.